بۆ دەقەکانی بریتییە لەناوەڕۆکێکی سیاسی بۆ نەتەوەکەی، کە بەدرێژایی زەمەن خۆی لەهەڵکشان وداکشاندا دیوەتەوە. دەقی «شار»یش یەکێکە لەو دەقانەی کە هەڵگری نامەیەکی شوناسی کوردییە لەجۆری فیکری وسیاسی، لەپێناو توێکاری دەقەکانی سوارە و دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی، لێکۆڵینەوەکەمان لەڕووی دیدی هەستکردن بەبابەتەکان، پشت بەسێ ئاستە سەرەکییەکەی پێرس دەبەستێت کە بریتین لە:

یەکەم: ئاستی پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەستەکان بەرامبەر بەمەسەلەکان. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەر دەقێك ڕەنگدانەوەی جۆرێکە لەهەستە بەنموونەی هەستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیایی.گەر سەیرێکی دەقی "شار"بکەین، ئەوا ئەو هەستەمان لادروستدەبێت، کە مەسەلەیەکی زۆر هەستیار جووڵە، یان کاریگەرییەکی فیکریان خستۆتە سەر دامەزراندنی دەقەکە. بارە سایکۆلۆژییەکەی شاعیر لەم دەقەدا ناجێگیرە، بەڵکو لەدۆخێکی زۆر نالەباردا گوزەردەکات. ئەمەش بەهۆی خراپی دۆخە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکانەوەیە لەشوێن و جێگەی دەق. بەئاڕاستەیەکی تر شاعیر، بەهۆی نادایەروەری ڕژێمی سۆسیۆلۆژی و سیاسییەوە تورەیە و بەرە یاخیبوون دەچێت، بەڵکو ئەو شتانەی کە لەزەمەنی ڕابردوودا جوان بوون، ئەوا ئێستا هیچ بەهایەکیان لای شاعیر نەماوە، کەواتە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە، کە لەدەقەکەدا هاتووە، هۆکارێکی سەرسەختی لەدایکبوونی دەقەکەیە:

**لەشارەکەت کەڕەمزی ئاسن ومنارەیە**
**مەلی ئەوین غەوارەیە**

---- ----

**ئەوەی کەتێل وتان وڕایەڵە،کەلەپچەیە**
**ئەوەی کەپەیکەرە میسالی داوەڵە**
**ئەوەی کەدارە تیلە مەزهەری قەنارەیە**

---- ----

**کێ لەشاری تۆ ، لەشاری قاتلی هەژار**
**گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ**

دوهەم: ئاستی بەدەستکەوتنی کردارەکان لەڕێگەی یاسا دانراوەکانەوە. هەر لەزەمەنی ڕێنسانس و شۆڕشی فەڕەنسییەوە بیرمەندان و زانایان بەجیاوازی پسپۆڕی و بابەتەکانیانەوە لەهەوڵی دانانی یاسا دەستکردنەکاندا بوون. ئەمەش لەلایەکەوە بەمەبەستی پشتگیری لەدەقە ئایینییە پیرۆزەکان، لەلایەکی تریشەوە بەمەبەستی پشتگیری لەڕۆژانەی ژیانی تاکەکان. سوارە بەوپێیەی خاوەن نامەیەکی شیعریی و ڕۆشنبیری وسیاسییە، گومانی تێدا نییە، کە لەنزیکەوە ئاگاداری سروشتی ئەو یاسایانە بووبێت بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە لەبەرژەوەندی چینی هەژار و بێبەشبوواندایە. لەدەقەکەی سەرەوەدا، بەئاشکرا هەست بەجیاوازی چیانەتی دەکرێت لەنێوان باڵادەستان و هەژاراندا، کە خودی شاعیر سەر بەجەمسەری هەژارانە. بەهۆی ئەم هۆکارانەوە، شاعیر دەیەوێت لەشار هەڵبێت و بەرەو جیهانی لادێ بڕوات، چونکە بەلای ئەمەوە ژیانی لادێ پیرۆزتر وجوانترە و دوورە لەگەندەڵی و چڵکنی و هاڕەهاڕ و بێ ویژدانی وترس و تۆقین و هەڵواسین:

**وەڕز بوو گیانی من لەشار وهاڕە هاڕی ئەو**
**لەڕۆژی چڵکن ونەخۆشی وتاو یاو شەوە**

---- ----

**بڕۆمە دێ کەمانگە شەو بزێتە ناوبزەم**

---- ----

**لەشارەکەت کە مەندی دووکەڵە**
**کە دێتە دەر لەماڵی دەوڵەمەند**

سێهەم:ئاستی کردارە ئەرکییەکان لەڕێگەی یاسایەکی نەریتییەوە. لەوکاتانەی کە یاسا دەستکرد ودانراوەکان، بەهۆی گەندەڵی ڕژێمە سیاسییەکان، کاری لەسەر نەکرا، ئەوا شاعیر ناچارە پەنا بۆ یاسا نەریتییەکان بەرێت، کە بەشێکە لەکلتووری نەتەوە و مێژوو، تەنانەت خودی خوشی. لەهەمان دەقە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوەدا (شار)، سوارە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی خێڵ وهۆز، کە لەلایەکەوە ئەم گەڕانەوەیە بە ئەرکێکی کرداری خۆی دەزانێت. لەلایەکی